# ئەبیٚ( نورەدین وەیسی) ش باجی پەلەکردن و بیٚویژدانی بدات ....

**دکتور فایق محەمەد گوٚڵپی**

ڕوٚژی 14-2-2006 لە ماڵپەڕە کوردیەکانەوە نورەدین وەیسی نووسەر بابەتێکی بە ناونیشانی : بکوژانی کانی باجێکی گران دەدەن ، بڵاوکردەوە . سەرەتا من لەگەڵ واتای مانشێتی نووسینەکەیدام و داوا لە ئیدارەی هەرێمی کوردستان ئەکەم ئەوانەی کانی یەڵمازیان تیروٚرکردووە بدوٚزرێنەوە و سزای گرانیان بدات . بەڵام کە چوومە ناو درێژەی وتارەکەی کاك نورەدینەوە ، دووچاری سەرسوڕمان هاتم ، کاتیٚ بینیم برای نووسەر بە پشت بەستن بە زانیاری بڵاوکراوەیەکی پارتی وڵاتپارێزی کوردستان پ.ك.ك. و پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستانی بە تیروٚرکردنی کانی یەڵماز تاوانبارکردووە . منیش وەك بەرپرسیاری یەکەمی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان(پ.چ.د.ك) بە پێویستم زانی لە بەرامبەر ئەو تاوانبارکردنەی نووسەردا ئەم ڕونکردنەوەیە لە سەر بیٚتاوانی پ.چ.د.ك بدەم .

مردنی هەرکەسێکی سیاسی واتای ئەوە نیە کە بە پیلانگێڕی و دەسکیسەی لایەن و دەوڵەتی ڕکەبەر مردنەکە ئەنجام دراوە ، بەڵام ئەگەری ئەوەش هەیە کە مردنی سیاسەتمەدار لە پیلانگێڕی و تیروٚرەوە سەرچاوەبگرێت .

ڕوٚژی 11-2-2006 خوالێخوٚشبوان کانی یەڵماز و هاوڕێیەکی لە ئەنجامی ڕوداوێکی (گوماناویەوە ) گیانیان لە دەست دا ، پاش چەند سەعاتێك لە لایەن ڕوٚژنامەنووسانی سلێمانیەوە چەند جارێك تەلەفوٚن بوٚ من کرا ئایا هیچ دەربارەی ڕووداوی مردنی کانی ئەزانیت تا پێمان ڕابگەیەنیت ؟ ، منیش هیچ زانیاریم لەسەر ڕووداوەکە نەبوو تەنها ئەوە نەبێت کە بیستم ئوتوٚمو‌بیلێك لە ناوچەی پیشەسازی شاری سلێمانی تەقیوەتەوە و دوو کەس لە سەرنشینەکانی گیانیان لە دەست داوە . بە حوکمی ئەوەی خوٚم ماوەی چەند ساڵێك لە بەشی پزیشکی دادوەری کارم کردووە باش ئەزانم کە ڕاستترین سەرچاوەی زانیاری لە سەر کێشەی تاوان لە نەخوٚشخانەکان لە لای پزیشك ، وە بە تایبەت لە بەشی پزیشکی دادوەری وەرئەگیرێت . بوٚ بەدەستهێنانی زانیاری درووست پێوەندیم بە : دکتور محەمەد نوری محەمەد ڕەشید ی پزیشکی دادوەری شاری سلێمانیەوە کرد و دەربارەی ڕووداوەکە پرسیارم لێکرد ، دکتور بە تەلەفوٚن پێی ڕاگەیاندم کەوا ئەو ڕووداوە لە ئەنجامی ئاگر بەربوونەوە درووستبووە و ئوتوموبیلەکە گڕی گرتووە ، هیچ نیشانەیەکی پزیشکی لە سەر لاشەی مردووەکان بەجێنەماوە کە بیسەلمێنیٚ تەقینەوە لە ئوتوموٚبیلەکەدا ڕوویداوە ، مردووەکان بە هوٚکاری سووتاندن گیانیان لە دەستداوە . ئەمەش ژمارە تەلەفوٚنی دکتور محەمەد نوریە : 07701524940 ئەتوانن پێوەندی پێوە بکەن و سەر بە هیچ گرووپ و لایەنێکی سیاسیش نیە و جەماوەر باش دەیناسن کە چەندە مروٚڤێکی ڕاستگوٚیە . منیش ئەم زانیاریانەم بە تەلەفوٚن بە هەندیٚ ڕوٚژنامەنووس ڕاگەیاند ، بەڵام دیارە ئەم جوٚرە زانیاریانە تینوێتی هەندیٚ ڕوٚژنامە و ڕوٚژنامەنووس ناشکێنن ، بوٚیە خوٚیان چیان پیٚخوٚش بێت و چی لە بەرژەوەندی زیادکردنی کڕیاری ڕوٚژنامەکەیاندا بێت ئەوە بڵاو ئەکەنەوە ، ئەوەش وا ئەکات کە چی زوٚر لە ڕاستیەوە دوور بێت ئەوە بڵاو بکەنەوە بوٚ ئەوەی زیاتر سەرنجی خوێنەر بوٚ لای خوٚیان ڕابکێشن . لەوە ئەچێت کاك نورەدینیش وەك ئەو ڕوٚژنامەنووسانەی ئەمڕوٚی باشووری کوردستان بێت !!! .

کاك نورەدین وەیسی بەبیٚ ئەوەی زانیاریەکی ئەوتوٚی لەبەردەستدا بێت یەکسەر ئەنوسێت ئوتوموبیلەکە بە ڕیموت کونتروٚل تەقێنراوەتەوە ، برا گیان نووسەری بیٚلایەن نابیٚ بوٚ نووسینی تێڕوانینەکانی پشت بە یەك سەرچاوەی زانیاری ببەستێت بە تایبەت لە کێشەیەکی بەو جوٚرەدا کە دیاردەی ململانیٚ و کوشتن و ڕاونان خوٚی بەسەریدا سەپاندووە ، ئەگەر وابێت دوو ڕوٚژی تریش دەردی خوٚتان (نووسەر) وتەنی ئێوەش وەك حزبەکانتان لێدێت و کەس باوەڕ بە نووسینەکانتان ناکات . دواتر وەك ڕیسایەکی دیموکراتیانە لە بواری نوسیندا ، حەق وابوو پێش ئەوەی پارتی چارەسەری (پ.چ.د.ك ) بخەیتە ناو قەفەسی تاوانەوە ئێمەت ئاگادار بکردایەتەوە وەك چوٚن بوٚ کاری تر ئگادارمان ئەکەیتەوە !! .

برای نووسەر بە پشت بەستن بەوەی کە پارتی چارەسەری ڕونکردنەوەی نەداوە و سەرەخوٚشی لە بنەماڵەی خوالێخوٚشبوو نەکردووە گومانی لا درووست بووە کە پ.چ.د.ك بەم تاوانەوە گلابێت . دەربارەی ڕوونکردنەوە نەدان لە لایەن پ.چ.دك. وە لە

سەر مردنی خوالێخۆشبوو ، ئێمە بە هیچ شێوەیەك خۆمان بە پەیوەندیدار نازانین بەرامبەر بە کوشتنی یان مردنی خوالێخۆشبوو ، لە بەر ئەوە بە پێویستی نازانین لەو بارەیەوە ڕونکردنەوە بدەین . پرسەو سەرەخۆشیمان نووسیوە بەڵام کە تۆ نەتبینیوە ئەمە واتای ئەوە نیە پ.چ.د.ك بەو تاوانەوە بگلێنی لەبەر ئەوەی ڕوونکردنەوەی نەداوە و پرسەی سەرەخۆشی نەنووسیوە ، ئەوە تاوانێکی گەورەیە تۆ زوڵمت لەو حزبە کردووە .

لە لایەکی ترەوە دیسان کێشەی خوالێخۆشبوو( کەمال شاهین ) و ( ئارام ) لە لایەن پارتی وڵاتپارێز و نووسەرەوە بۆ تاوانبارکدنی پ.چ.د.ك بەکارهێنراوەتەوە .ئێمە چەندان جار دووبارەمان کردەوە کە ئارام پێش تێوەگلانی بە کێشەی کەمال شاهین بە ماوەیەك لە پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان دەستی لە کار کێشایەوە و بڕیاری دا سەفەری دەرەوەی وڵات بکات . کاتێکیش کەمال شاهین تیرۆر کرا ئێمە وەك پ.چ.د.ك بەیانمان دەرکردوو ئیدانەی ئەو کارە تیرۆریستیەمان کرد .

لە کاتێکدا من لە سەر بنەمای ئەو زانیاریانەی کە تا ئێستە دەستم کەوتووە بڕوام وایە کە شەهیدبونی ئەو دوو کەسە نیشتمانپەروەرە بە کارەساتی تەقیەنەوە نەبووە ( بە پشت بەستن بە زانیاریەکانی پزیشکی دادوەری ، شاهیدی جەماوەری نزیك ڕووداوەکە ، زانیاری پۆلیس و ئاسایشی سلێمانی ) لە هەمانکاتدا ڕووداوی گڕگرتنی ئۆتۆموبیلەکە واتای ئەوە نیە کە بە تەواوی بڕوا بهێنین کە ئەو کارەساتە ڕووداوێکە و دەستی تیرۆری تێدا نیە ، زانیاریەکان زۆر لە گەڵ ئەوەدان کە ئەم کارەساتە ڕوداوێکی دەرەوەی بەرنامە بێت تا ڕووداوێکی پلان بۆ دانراوو . بەڵام من ئەمەوێت لە بەرامبەر ئەو کەسانە بوەستمەوە کە بە ئارەزووی خۆیان و بۆ بەرژەوەندی تایبەتیان بە بێ بەڵگە پ.چ.د.ك تاوانبار ئەکەن . تا ئێستە هیچ زانیاریەك لە سەر تێوەگلانی پ.چ.دك. لە لای هیچ لایەنێك لە سەر ئەو ڕووداوە لەبەردەستا نیە ، لە ئایندەشدا هەر جۆرە کەم و کوڕیەك لەو بوارەدا لە لایەن پ.چ.د.ك دەربکەوێت ئێمە ئامادەین لە لایەنی یاسایی و سیاسیەوە هاوکاری بکەین و دژی هەرجۆرە تیرۆر و کوشتنێکی سیاسی هەڵوێست نیشانبدەین ، بەڵام ئەبێ نووسەرانیش هەندێ لە سەر خۆبن و بە ویژدانەوە ، لە سەر بنەمای زانیاری پتەو وتارەکانیان برازێننەوە ، بۆ ئەوەی ئەوانیش باجی پەلەکردن و بێ ویژدانی نەدەن .

2006-2-15